# قوباد تاڵەبانی پێشوازیکرد لە ئانو سارێلا باڵێزی نوێی فینلاند لە عێراق

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم داوا لە فینلاند دەكات، یارمەتی هەرێمی كوردستان بدات لە بواری تواناسازی ژنان و بەهێزترکردنی پێگەی ژنان لە كەمەڵگای مەدەنیدا و راشیدەگەیەنێت، "هەموو هەوڵك دەدەن تا پێگەی ژن لە سیاسەت و بازاڕ و كەمەڵگەی مەدەنیدا بەهێزتر ببێت".

بەگوێرەی راگەیەندراوێكی نوسینگەی راگەیاندنی جێگری سەرۆك وەزیران، قوباد تاڵەبانی پێشوازیکرد لە ئانو سارێلا باڵێزی نوێی فینلاند لە عێراق و لە كێبونەوەی نێوانیاندا چەند پرسێكی جێگەی بایەخی هەردولا تاوتوێكران.

لە سەرەتای كێبونەوەكەدا كە ئەمڕۆ دوشەممە لە هەولێر بەڕێوەچو، قوباد تاڵەبانی پیرۆزبایی لە ئانو سارێلا كرد بەبۆنەی دەستبەكاربونی وەك باڵێزی نوێی فینلاند لە عێراق و هیوای سەركەوتنی بۆ خواست لە ئەركەكەیدا.

جەنگری سەرەك وەزیران سوپاسی هاوكارییەكانی حكومەتی فینلاندی كرد بۆ هەرەمی كوردستان كە لە ماوەی ساڵانی رابردودا و بەتایبەتیش لە كاتی شەڕی داعشدا راهێنانیان بە هێزەكانی پێشمەرگە كردوە.